**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**
**ژمارە: ٥٦٣٨ لە ٢٠٢٥/٩/١٥**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (١٨) لەیاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە(٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ هەموارکراو ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٥**

**هەمواری سێیەمی ڕێنمایی تایبەت بە مۆڵەتی خۆتەرخانکەر**
**لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**ماددەی (١):**
بڕگەی (ج) بۆ خاڵی چوارەم لە ماددەی (٢) زیاد دەکرێت بەو شێوەی خوارەوە:
ج- بۆ کەمئەندامی کوڕ سەروو (١٢) ساڵ باوك مۆڵەتی خۆتەرخانکەری پێ دەدرێت.
**ماددەی (٢):**
گۆڕینی ووشەی (مەنگۆل) بۆ ووشەی (داون) لەبڕگەی (ب) لە ماددەی (٤).
**ماددەی (٣):**
زیادکردنی بڕگەی سێیەم بۆ ماددەی (٨) بەم شێوەیە:
سێیەم: کەمئەندامی مێینە تەمەنی لەسەروو (١٢) ساڵ بێت.
**ماددەی (٤):**
ئەم ڕێنماییە دەچێتە بواری جێبەجێ کردن لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**